# مرۆڤی فیزیك......مرۆڤی میتافیزیك

دلْزار حەسەن
dlzarhessen@yahoo.com

بوون وەك پێكهاتەیەكی بایلۆجی هەلگری دۆخێكی كیمیاگەرانەیە لە رووی گەشەكردن و خۆخەملاندنەوە بۆ ناو دیزاینی خەڵقەوە، هەر ئەو توخمە نا هەستیارە لە ئاستێكی خەلاییەوە دەچێتە نێو بارستایی شوێنكاتەوە، بەوەی ماددە لە هەر بارێكدا بێت قورسایی خۆی لە ناو كەینوونەی ناو لێنانەوە دەدوزێتەوە، بۆیە بوون سەرەتا دەچێتە بەردەم هێلكاری خۆ ناساندنەو ئینجا دەركەوتەی بەهای مەعنەوی كە وا بەستەیە بە هەست و نەستەوە وا لە بكەری ئامادە دەكات شوناس وەك دۆخە فیزیكیەكە بناسێنێت بە دەورووبەر.

هەر لێرەوە دۆخی خەڵقەت كە نەسلی لە بۆشایی وێناكراوە دەنگ و رەنگی لە جوولە، بینین، هۆشەوە بەرجەستە دەكات. لە ژێر ئەو رۆشناییەدا كەرستەی ئاگا كە ماددە لە تەنێكی وشك و بێ هەست بارگاوی دەكات بە رووح ، رووح وەك جوولە و هێز نەك وەك بوونەوەرێكی دیكەی ناو سروشت كە خۆی لە بەرزترین پلەی ناسیندا هەست پێدەكات...لەو كاتەدا " من بیر دەكەمەوە كەواتە هەم" پێچەوانە دەكەوێتەوە، چونكە هەست نەپزی ئاكار نییە تا مرۆڤ بەو تێزە پێوانە بكرێت، لەو حاڵەدا رووح بەدەر لە جەستە یەكەم شوناس و سەرەتای خۆناسین دیاری دەكات نەك هۆش و بیر. هەر مرۆڤە ناو لە شتەكان دەنێت هەر ئەویشە گومان لە بوون و گەردوون و ژیان و مردن ز ... هتد دەكات. كەواتە بونیادی مرۆڤ ناسی لای دیكارت بەرهەمی دۆخی سروشتێكی نا هەستیارە، لە بارێكدا سروشت هەستیارترین بەرمەجەی لێك نزیكبوونەوەی زانستی حاڵیبوونە لە مرۆڤ و ماهییەتی بوون.

بەو رێگایە رووح لەمتبوون و بەرهەمی شوێنكاتی فیزیكی رزگاری دەبێت و گرنگی و پێكهاتەی سەرەتایی رووح كە بونیادێكی میتافیزیكی هەیە جیادەكرێتەوە لە جەستە، جەستەش كە بارگاوییە بە هەست و نەست و بینین و ...هتد لێرەدا رووح وەك چەقی خۆناسینی مرۆڤ پێناسەی خۆی وەردەگرێت. هەر ئەو ماهییەتەی رووحە مرۆڤ دواجار بە نەمری دەهێڵێتەوە نەك جەستە و هۆش و بیر. كەواتە دۆخی مرۆڤی فیزیكی و مرۆڤی میتافیزیكی جگە لەوەی بابەتی تێكستی ئایینی بووە لە هەمانكاتیشدا لە دونیای فەلسەفەو مرۆڤناسەكانیشدا جێگای هەڵاوێركردنی زانیستیانە و فەلسەفیانەیان بووە. ئایین و تێكستی دینی پانتاییەكی دیاری كراو دەخوڵقێنێت بۆ ناسینی مرۆڤ ، ئەو لێكدانەوەی بۆ مرۆڤی سەرەتا دەخاتە پانتاییەكی ئەزەلییەوە.

بۆیە بە پێی تیۆری ئایینی لە بارەی خوڵقاندنی ئینسانەوە رووح و جەستە كەش و هەوای وجودیان جیاواز بەیەكەو لە ناو یەك دۆخی زیندەگیشدان!! لێرەوەیە تێكستی ئایینی جیا دەكرێتەوە لەگەڵ تێزی فەلسەفیانەی فەیلەسووف و مرۆڤناسەكان. بەمە رووح وەك هەبوویەكی ئامادە لە ناو جەستەدا ناكرێ بە بەرهەمی فیزیكی وێنای بكەین.

جەستەش كە پێكهاتەیەكی سروشتی كیمیاگەرانەی هەلگرتووە، ئەمیش ئەستەمە بیخەینە نێو شوناسێك كە پێمان وا بێت جەستەش بەرهەمی میتافیزیكە. لەبەر ئەوە رووح نادیارە و لە هەر بارێكدا بێت بوون و ماهییەتی مرۆڤ بەو بەندە. ناكرێ زەوی كە پێكهاتەیەكی كیمیاگەرانەی هەیە و لە نێو دۆخی سروشتدایە، سەرباری جەستەكە لە زانستدا بەوە لێكدانەوەی بۆكراوە كە جستەی مرۆڤ بەرهەمی زەوییە و لە ناو هەناوی سورشتدا گەشەی كردووە ، ئەستەمە لەگەڵ رووح دا هاو ماناو هاو واتا بەرجەستە بكرێت لە نێو دۆخی ماددیانەی سروشتدا. بۆیە رووح دۆخێكی میتافیزیكیانەی هەیە و جەستەش لە نێو پانتایی سروشت و دۆخی فیزیكد گەشە دەكات و لەناو دەچێت.....